# ئاوی پیاو چڕ وسپیه، وئاوی ئافرەت تەنک وزەردە، هەرکامیان زاڵ بێت یان پێش بکەوێت؛ (منداڵەکە) لە ئەو دەچێت

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئوم سولەیم پرسیاری لە پێغەمبەری خودا کرد -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئافرەت کاتێک ئەوەی پیاو دەیبینێت لە خەودا ئەویش دەیبینێت (لە لەشگران بوون)؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەگەر ئافرەت ئەوەی بینی با خۆی بشوات»، ئوم سولەیم ووتی: شەرمم کرد سەبارەت بەم مەسەلە، ووتی: ئایا ئەمە ڕوودەدات؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بەڵێ (ڕوودەدات)، ئایا شێوەی (منداڵەکە) لە کوێوە دێت؟ ئاوی پیاو (مەنی پیاو) چڕ وسپیە، وئاوی ئافرەت (مەنی ئافرەت) تەنک وزەردە، هەرکامیان زاڵ بێت یان پێش بکەوێت؛ (منداڵەکە) لە ئەو دەچێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

دایکی ئەنەسی کوڕی مالیک -ڕەزای خوای لێبێت- بەناوی ئوم سولەیم -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لە پێغەمبەر کرد -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە ئافرەت کاتێک ئەوەی پیاو دەیبینێت لە خەودا ئەویش دەیبینێت -لە لەشگران بوون-؟): واتا ئەوەی پیاو دەیبینێت لە خەوندا لە جیماع کردن؛ ئافرەتیش دەیبینێت؟. پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە فەرمووی: (ئەگەر ئافرەت ئەوەی بینی با خۆی بشوات): واتا ئەگەر ئافرەت وەکو پیاو ئەوەی بینی با خۆی بشوات، ومەبەست ئەوەیە ئەگەر مەنی دەرچوو، هەروەکو لە گێڕانەوەی (البخاري)دا هاتووە: (قال: نعم إذا رأت الماء) واتە: (فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر ئاو -مەنی-) بینی، ئەمیش پاش هەستان لە خەو دەیبینێت، بەڵام ئەگەر ئەوەی بینی لە خەوندا وتووشی لەشگرانی نەبوو ئەوا خۆشۆردنی لەسەر نییە، چونکە حوکمەکە بەستراوەتەوە بە دەرچوونی مەنی، (سئل النبي -صلى الله عليه وسلم- عن الرَّجُل يَجد البَلل ولا يَذْكُر احْتِلَاما، قال: "يغتسل" وعن الرَّجُل يَرى أن قد احْتَلم، ولا يَجِد البَلل، فقال: لا غُسْل عليه. فقالت أم سُليم: المرأة تَرى ذلك عليها الغسل؟ قال: نعم، إنما النَّساء شقائق الرجال) [رواه أحمد وأبو داود] واتە: (وکاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە پیاوێک کە تەڕی -مەنی- دەبینێت بەڵام ئەو شتانە نابینێت لە خەوندا، فەرمووی: دەبێت خۆی بشوات، وسەبارەت بە پیاوێک -بە پێچەوانەوە- ئەو شتانە دەبینێت بەڵام تەڕی -مەنی- نابینێت، فەرمووی: خۆشۆردنی لەسەر نییە، ئوم سولەیم ووتی: ئەگەر ئافرەت ئەوە ببینێت -مەنی- ئایا خۆشۆردنی لەسەرە؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بەڵێ، چونکە ئافرەتان هاوتای پیاوانن -لە حوکمە شەرعیەکاندا-). کاتێک ئوم سولەیم وەڵامەکەی بیست لە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- شەرمی کرد، ووتی: (ئایا ئەمە ڕوودەدات؟): ئایا دەکرێت ئافرەت ئەو جۆرە خەونانە ببینێت وەکو پیاوان ومەنی دەربچێت. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (بەڵێ -ڕوودەدات-): واتا وەکو پیاوان ئەو حاڵەتانەش ڕوودەدات لە لای ئافرەتان وجیاوازی نییە لە نێوانیان وهەمان حوکمیان هەیە. پاشان بە ئوم سولەیمی فەرموو: (ئایا شێوەی -منداڵەکە- لە کوێوە دێت؟)، ولە گێڕانەوەیەکی تر لە هەردوو سەحیحدا بخاري ومسلم- فەرمووی: (چۆن منداڵەکە لە دایکی دەچێت؟): واتا چۆن منداڵەکە لە دایکی دەچێت ئەگەر لە پاش جووتبوون مەنی ئافرەت دەرنەچێت؟!. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سیفەتی مەنی پیاو وئافرەتی بۆ ڕوونکردەوە، فەرمووی: (ئاوی پیاو -مەنی پیاو- چڕ وسپیە، وئاوی ئافرەت -مەنی ئافرەت- تەنک وزەردە): وئەم وەسفەش بە پێی حوکمی زۆرینەیە ولەکاتی سەلامەتبوونی تەندروستی مرۆڤەکەیە؛ چونکە لەوەیە مەنی پیاو چڕ نەبێت بەهۆی نەخۆشییەوە یان مەیلەو سوور بێت بەهۆی زۆری جووتبوونەوە، ولەوەیە مەنی ئافرەت سپی بێت بەهۆی بەهێزی ئافرەتەکەوە. وزانایان -ڕەحمەتی خوایان لێبێت- باسی نیشانە وسیفەتی تری مەنی پیاویان کردووە کە بەهۆیەوە دەزانرێت ئەمە -مەنی- یە: لەوانەش: بەش لە پاش بەش دەردەچێت وەکو ئاوێکی فڕێدراو، وقورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە: {خُلِقَ مِن مَّآءٍ دَافِقٍ}[الطارق: 6] واتە:{دروستکراوە لە ئاوێکی فڕێدراو

(هەڵقوڵاو)}، ودەرچوونەکەی لە پاش شەهوەت و چێژ وەرگرتن دەبێت، وئەگەر دەربچێت هەست بە ماندووبوون دەکات وحەز دەکات پشوو وەربگرێت وحەز بە جووتبوون ناکات لە پاشی دەرچوونی، وهەروەها بۆنەکەی وەکو بەری -گوڵی- دار خورمایە -طلع النخل- پێش ئەوەی خورماکە بەرهەم بێت، وبۆنی گوڵی دار خورما نزیکە لە بۆنی هەویرەوە. بەڵام سەبارەت بە مەنی ئافرەت زانایان وتوویانە: دوو نیشانەی هەیە بەهۆیانەوە دەناسرێتەوە: 1- بۆنەکەی وەکو بۆنی مەنی پیاوە. 2- شەهوەت وچێژ وەردەگرێت لە پاش دەرچوونی، وحەز بە جووتبوون ناکات لە پاش دەرچوونی. ومەرج نییە هەموو ئەو مەرجانەی پێشووی تێدا بێت بۆئەوەی حوکم لەسەری بدرێت کە مەنیە، بەڵکو یەک سیفەت بەسە، بەڵام ئەگەر هیچ سیفەتێک لەوانەی پێشووتری تێدا نەبوو؛ حوکمی مەنی نابێت، یان زۆرینەی گومان وابوو کە مەنی نییە. (هەرکامیان زاڵ بێت یان پێش بکەوێت؛ -منداڵەکە- لە ئەو دەچێت): هەرکەسێکیان مەنیەکەی زاڵ بوو بەسەر ئەوی تر بەهۆی چڕی وهێزیەوە یان مەنی یەکێکیان پێش ئەوی تر دەرچوو؛ ئەوا منداڵەکە لە ئەو دەچێت. وهەندێک لە زانایان دەڵێن: مەبەست لە -زاڵبوون:علا- واتا پێشکەوتنە؛ واتا مەنی هەرکامیان زووتر دەربچێت یان پێشبکەوێت؛ ئەوا منداڵەکە لە ئەو دەچێت، چونکە مەنی پیاو وئافرەت لە ڕەحمدا -منداڵداندا- کۆ دەبنەوە، پیاو مەنی دەردەکات وئافرەت مەنی دەردەکات، پاش کۆبوونەوەیان منداڵ دەخوڵقێندرێت، خوای گەورە دەفەرموێت: {إِنَّا خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَـٰهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا} [الإنسان: 1] واتە:{ئێمە ئادەمیزادمان دروست کرد لە دڵۆپێك ئاوی تێکەڵ (لە سەرەمێکوتەیەکی بچووکی پیاو وهێلکۆکەیەکی ئافرەت) بۆئەوەی تاقی بکەینەوە ئەمجا دەزگای بیستن وبینینمان پێی بەخشی}، واتا ئەم تێکەڵە لە مەنی پیاو ومەنی ئافرەت پێکهاتووە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10039